سەید حەکیم داوا دەکات ئەو یاسایانە دەربکەن کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیانی ڕۆژانەی هاوڵاتیان هەیە



بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانەتی هێزە نیشتمانییەکانی دەوڵەت چاوی کەوت بە بەڕێز هادی عامری سەرۆکی ڕێکخراوی بەدر، لەم دیدارە باس لە پێشهاتە سیاسییەکانی عیراق و ناوچەکە و باسی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت کرا لەکەڵ پاڵپشتی کردنی حکومەتی عەلی زەیدی لە هەوڵەکانی بە چاکسازی و خزمەتگوزاری و نەهێشتنی گەندەڵیدا.

بەڕێز داوای کرد کە سوود لە کەشوهەوای ئەرێنی نێوان هێزە سیاسییەکاندا وەربگرن بە گەیشتن بەو لێکتێگەیشتنانەی کە سەقامگیری بەهێزتر و سەقامگیری دەپارێزێت، هەروەها هیوای خێی دەربڕی کە گفتوگۆ بەردەوامەکانی ناوچەکە ببێتە هۆی وەستانی شەڕ و گرژییەکان و گەڕاندنەوەی سەقامگیری و جێختی لە گرنگی چوارچێوەیەکی هەماهەنگی یەکگرتوو کردەوە،هەروەها داوای دەرکردنی ئەو یاسایانەی کرد کە لە دەخی ئابووریی ئێستادا چارەسەری پێداویستییەکانی هاووڵاتیان بکات و پێکهاتەی دەوڵەتی عێراق و دامەزراوە دەستوورییەکانی تەواو بکات..